www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 12:02 14-10-2006

## دکتۆر و حکومەتی پارتی ... کۆسار ئەحمەد

لەهەموو دونییادا بۆ ئەوەی سرووشتی کۆمەڵگالەجوانییەکەی خۆیدا بمێنێتەوەولەهەر جۆرە نەخۆشیەکی کوشندە بپارێزرێت لەم رووەشەوەحکوومەتەکان و کاربەدەستانی بەملیۆنەها دۆلار لەخەزێنەی خۆیانی بۆتەرخاندەکەن ووپلانی بۆدادەرێژن، چونکەئەمرۆ کۆمەڵگا لەهەرسەردەمێك و زەمەنێکدا زوو تر دووچارێ ئەونەخۆشییەبڵاوانەدەبێت لەئەنجامی پێشکەوتنی تەکنەلۆژییاو سانا بوون بۆ بەزاندنی سنورەکان بەهۆیەوە(ترانسپۆرتی) یان بڵێین گوێزانەوەی و تەشەنەکردنی لەجاران زیاتر دووچاری ئەوەمان دەکات کەدەبێت رێگەچارەو خۆپاراستن لێیان کارێکێ حەتمی ووپێویستە بەتایبەتی بۆ خەڵکی ئێمە لەکوردوستاندا وەك چۆن دەڵێن (الوقایەخیر من العلاج) هەرچەندەتا ئەمڕۆش هەرچی ڕووی دابێت لا ی خۆمان دێزە بەدەرخونە کراوە کەسیش لێی نەپرسیوەتەوەبەڵام ئەمجارەییان جێی سەرنج و ڕامانە، پارتی دیموکرات لەسەر سنووری برایم خەلیل دکتۆرێکی داناوە تەنها بۆ چاو بەست کردن و خۆڵ کردنەچاوی خەڵکی بۆ ئەوەی والەخەڵك وو ئەوکەسانەش ڕوودەکەنە کوردوستان بڵێن ئەشهەدوو پۆلیس نەنووستوە ئەوەنیە دکتۆرمان هەیە بەڕاستی ئەم حکوومەتەمان بەرژەوەند ییەکانی خەڵکی لەبەرچاوە،

جاریك من لەپارتی دیموکرات ئەپرسم ئەودکتۆرەلەو جێگا یەدا بۆچیە.، بەقەولی خۆتان ئاسایی ئەگەر لەبەر ئەوەبێت بۆ ڕێگرتن لەنەخۆشی کەلەسنورەوەگوزەرنەکاوو کۆمەڵگا دووچاری نەبێت ئەوەجێگای ستایشی هەموولایەکمانی هەم حزبتان و هەروەها وەزارەتی تەندروستی پارتیش، کەتوانیبێتی ئاوها بیری لەخەڵکی کوردوستان کردبێتەوەولەنەخۆشێ بییان پارێزێت بەڵام ئەوەی من بیینیم فڕی بەوجۆرەبیر کردنەوانەوەنییەهەر بەلاشیا نارِوا ئاخر خەڵکینەئەگەر کاکی دوکتۆر نارەزاییەتی دەر نەدەبڕی و لەوەش ترسام بەڕاستی تووشی گێچەڵێکم بکەن و لەجییاتی ستایش کردنم لەسجنی ئاکرێ حەکیمەکەی لای خۆمان توندم کەن و بەهەزار واسیتەش بەرنەدەبووم هەتاما وم لەکونەگەرما بۆ خۆم دەمامەوەئاخر برا خۆمن عەلی باپیری سەرۆکی کۆمەڵەی ئیسلامی نیم دوولەڕوتان ئەڵێن ناوی هەبووەکەچی کاك مەسعوود پێشوازی لێ ئەکات بەهەر حاڵ ئەوەمەسئەلەی ئێمەنیەبالەوەی خۆمان دوور نەکەویینەوەجێگای ئەودکتۆرەبەرێزەهەمووشتێك بوو هەر لەچاخانەوەتادەگاتەپێستی حەیوان پاك کردن هتد، بەڵام لەجێی دکتۆر نەئەچوو کاکی دکتۆریش پاش چاوەڕوانێکی زۆر لەبیینا یەکی تروەهەر دەم بینی سەروو خواری بوو کاتێك هات لێم پرسی ئەوجا زانیم خەریکی نوویژ کردنبوەئاوها سەیرێکی کردین وو شێخ لوقمان ئاسایی سەر ودانەپسووڵەی بۆکردین و ووتی یان هەزار دیناری عێراقی یان ملێونێکی تورکی بەڕاستی ئافەریم پارتی بۆ خۆتوو دکتۆرت ئەوەنییەهەر بەتیلەی چاو ئەزانیت کەئێمەنەخۆش نیین ئەوەدکتۆرەلەسەرسیقەئیش ئەکات من بۆخۆم ئاگاداری پارتیمان دەکەمەوەبا ئەودکتۆرەلابا لەوییا چونکەئەوەسەروەتێکی نیشتمانی گەورەیەتا بێگانەکان پێیان نەزانیوەو بەپارەوپوول هەڵیان نەخەڵەتاندووەوەك ئەندامەباریزەکانی حزبەکان توخوا با ئەمیشمان لەدەست دەرنەچێ.

Kosar_ahmad@hotmail. com